# دەقئاوێزان

و: عەبدولوتەلیب عەبدوللا

## فەزای چەمك

هەر کاتێ توێژەر بیەوێت مەسەلەیەکی نوێ بۆ دەق بخاتە ڕوو, جەدەلیەتی چەمکی چەسپاوو زاراوەی نوێباو, زاراوەی چەسپاوو چەمکی گۆڕاو خۆی بەسەر جەدەلیەتی نووسینی چەمك‌و زاراوەکان دەسەپێنێ, ئێمە نامانەوێ زۆر بە قوڵی بچینە ناو ئەو باسەوە, چونکە زۆر هەڵدەگرێ لێکۆڵینەوەی تایبەت‌و سەربەخۆی دەوێت, بۆیە تەنیا دەست بۆ ئەو شتە تایبەتیانە دەبەین کە بۆ لێکۆڵینەوەکە پێویستن, یەکێك لەو مەسەلانەش دانانی زاراوەی نوێیە بۆ چەمك, یان بە شێوەیەکی نوێ بۆ چەمکەکانی پێشوو.

دەقئاوێزان لە دووتوێی تێکەڵکردنی پیتەکانەوە زاراوەیەکی نوێیە, زاراوەیەکی یاخیە لە فەرهەنگی کۆن‌و بەسەر زاراوە کۆنەکاندا, ئەو زاراوە کۆنانەی کە بەشێك لەو چەمکەیان پێکهێناوە.

دەقئاوێزان زاراوەیەکە سەرنج ڕاکێش‌و پەسەند, چونکە زاراوەیەکی زۆر جوان‌و بەهێزو نمونەییە لەگەڵ هێزی ڕەخنەی هاوچەرخ یەکدەگرێتەوە, پێشتر ئەو زاراوانەی کە لە دەقئاوێزان نزیکبوون : تێهەڵکێشان‌و لێوەرگرتن‌و ڕاستبێژی‌و ویستن‌و دزین‌و بە مێشکدا هاتن بوو... ئێستا هەموو ئەو زاراوانە لە دووتوێی زاراوەیەکی نوێ تواونەتەوە, تا شتێکی قوڵترو بەرفراوانتر لە چەمکی زاراوە کۆنەکە بۆ زاراوە نوێیەکە بخەنەوە, کەواتە ئایا دەقئاوێزان چەمکێکی قوڵترو بەرفراوانتر دەخاتە ڕوو؟

دەقئاوێزان لە بەرایی ڕێکەوتندا, بەرلەوەی لە دەقێکی نوێ خۆی بەرجەستە بکات, لە ڕێگەی وەیاد هێنانەوەو گفتوگۆکردن بە قۆناغی خواستندا دەڕوات, هەر لەم ڕێگەیەشەوە کۆمەڵێك کردار بەجێ دەهێنێ : لە هەندێکیاندا بەسەر فیکرەی دەقەکاندا زاڵ دەبێت, لە هەندێکیان زاراوەکان هەڵدەمژێ, گفتوگۆ لەگەڵ هەندێ لە هەڵوێستەکان دەکات, دەست بەسەر هەندێ بڕگەدا دەگرێ, لەگەڵ هەندێ لە دەقەکان بە شێوەکی ڕووەکی دەچنە ناو یەك, دەقی خوازراو دەگۆڕێ...تاد. ئینجا دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە پارچەکان لەیەك دەکاتەوە, دوای کۆکردنەوەی پارچەکانیش دەقئاوێزان چەشن‌و شێوەی قوڵ‌و جوانی تایبەت بە خۆی لە نێو دەقدا پێکدەهێنێ. بەمجۆرە دەقئاوێزان واتە هەموو ئەو پەیوەندیانە دەگرێتەوە کە دەقەکانی پێشوو لە دەقی دوایی دەیووشێنێ.

واتە (1- لە دایك بوونی دەق لە دەقەکانی دیکە. 2- بەیەکدا چوونی دەق لەگەڵ دەقەکانی دیکە. 3- دەق دەبێتە کورتەیەك لەو دەقانەی کە ناژمێردرێن. 4- هەڵقوڵینی دەق لە دەقەکانی دیکە. 5- پشتبەستنی دەق بە دەقێکی دیکەو دەقەکانی دیکە. 6- ئاوێزانبوونی دەق, واتە (بەیەکداچوونی پەیوەندی لەگەڵ دەقەکانی دیکە) 7- دیار نەبوونی سنووری دەق, یان نەبوونی سنوور لە نێوان دەقێك‌و دەقەکانی دیکە.)(1).

لە ساتەوەختی خوێندنەوەت بۆ دەق‌و لە ساتەوەختی چاوەڕوانکردنت بۆ ڕەهەندەکانی دەقئاوێزانی دەق هەست دەکەیت لە دووتوێی گەشتێکی دەق- دایت, یان ڕاستتر لە دووتوێی کۆمەڵێك دەقدا گەشت دەکەیت, تۆ دەکەویتە دووتوێی مقۆمقۆی گفتوگۆی نێوان دەقە کۆن‌و

نوێکان, وەك یەكو لێك جیاوازەکان... لە میانی غەرق بوونت لە نێو دەقو رەهەندەکانی بە دەق بووندا هەست دەکەیت لەسەر پانتایی ئەرشیفێکی رۆشنبیری پڕ لە یادەوەری داهێنەرانەی دەق وەستاویت, ئەو بونیادە رۆشنبیریەی کە ئەویش(داهێنەر) پشتی پێ دەبەستێ وا لە نێوان دەستی تۆدایە, ئەو سەرچاوانە کە داهێنەر ئاوی لێدەخواتەوە, ئەو میکانیزمەی دەقەکەی تێدا داهێناوە, تۆ دەتوانی بیدۆزیتەوە. (میکانیزمی دەقئاوێزانی لە میانی دوو چەمکی سەرەکی دیاری دەکرێن ئەوانیش : خوازتنو گۆزاندنە) واتە دەقی ئەدەبی لە میانی بۆچوونی _نووسەر, هونەرمەند-نایەتە بەرهەم ((باشترە بڵێین نانووسرێ)), بەڵکو لە میانی دەقە ئەدەبیو هونەریەکانی دیکەوە لە دایك دەبێت, ئەوەی کە دەقئاوێزانی پێکدێنێ کۆمەڵێك خواستنن لە دەرەوەی دەقدا, بەپێی مەرجی بونیادگەریانەوە ملکەچی خۆیان بۆ دەقی نوێ دەنوێننو دەچنە ناویەوە, ئینجا دەقی لێکداتواوە لە لایەکی دیکە ملکەچی کرداری گۆزاندن دەبێت, چونکە دەقئاوێزان هەر تەنیا خرکردنەوەی نادیارو سەیری کاریگەریەکان نییە, واتە نووسینی دەقی دوایی ( ئەو دەقەی کە لەوان پێکهاتووە) بە کردارێکی زۆر ئاڵۆز لە توانەوەی دەقە جیاوازەکانو بوارە لێکداتواوەکاندا دەروات(2).

بەمجۆرە چەمکی ئەو زاراوەیەو رەهەندە زۆرەکانی بە شێوەیەکی رێكو پێك دیاری دەکرێن, هەروەها میکانیزمی کارکردنی دەقە کۆنەکان لە دووتوێی دەقی دواییدا دیاری دەکرێ تا دەگاتە ئەوەی لە دوا گوتەدا ((دەق دەبێتە رەوکردنی دەقەکانو بەیەکداچوونی دەقێتی لە دووتوێی کۆمەڵە واژەیەکی دابراو لە دەقەکانی دیکە کە دواجار ئەوانیش لە فەزای دەقێکی دیاریکراو یەکتری دەبرنو بە پێچەوانەی یەکتری دەجوڵێنەوە))(3).

## بەشەکانی دەقئاوێزان

لە کتێبە رەخنەییەکەی رەخنەگر (سەعید یەقتین) کۆمەڵێك ناو لە بەشەکانو شێوەکانی دەق لە دەقئاوێزانی نراوە, لەو ناوانەش: بالأبوونی دەقێتی, دەقئاوێزانی گشتی, دەقئاوێزانی کۆتکراو, میتا دەق, دەقی دواتر, رەنگرێژکردنی دەق, میتا دەقێتی, کارلێکی دەقی, کارلێکەری دەقی, ئاوێزانبوونی دەق, دەقێتی رۆمان, کارلێکی دەقی تایبەتی, کارلێکی دەقی گشتی, کارلێکی دەقی خودی.لەو رووەوە (سەعید یەقتین)ی رەخنەگر زۆر پشتی بە (جیرار ژینێت) بەستووە, پاشان بۆچوونی تایبەتی خۆی لەم بارەوە دەخاتە ڕوو, خودی ئەو لێکۆڵینەوەیەش لەم بەشەدا پشت بە (سەعد یەقتین) دەبەستێو ئینجا بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت, بەلأم لە پێشدا پێویستە هەندێ لە گوتەکانی (سعید یەقتین) بخەینە ڕووو جا چ ئەوانەی لە (جیرار ژینیت)ی وەرگرتووە, یان هی خۆیەتی, (سەعید یەقتین) دوو جۆر لە دەقئاوێزان دەخاتە ڕوو یەکێکیان گشتیو ئەویتریان تایبەتیە (دەقئاوێزانی گشتی, پەیوەندی دەقی نووسەرە بە دەقەکانی دیکەی نووسەرانەوە, دەقئاوێزانی تایبەتی, پەیوەندی دەقەکانی نووسەرێکە لەگەڵ یەکتریدا)(4).

لە یەکێك لە کتێبەکانیدا سێ جۆر لە کارلێکەری دیاری دەکاتو دەڵێ :

1- کارلێکی دەقی خودی : ئەزموونی دەق لای نووسەر لە دووتوێی جیهانبینی تایبەتو لێکچوو دێتە ئاراوە, لێرەدا ئاسانە دەست لە تایبەتمەندێتی ئەو ئەزموونەو کارلێکی نێوان دەقەکانی نووسەر بدەین, جا لەسەر ئاستی چیرۆك بێت یان وتار.

2- کارلێکی ناوەکی دەق: ئەوەش یارمەتی ئەوەمان دەدا, کە نموونەیەك بسەپێنین کاتێ ئەو مەرجانەمان لە رێگەی ناوەرۆکی بەرفراوانو خوێندنەوەی کارلێکەری پارچەکان لە توێی دەقەکاندا... کارلێکەری دەقی نووسەرێك لەگەڵ کۆمەڵە دەقێکی بەر لە خۆیدا بۆ دەرەخسێ.

3- كارلێكی دەرەكی دەق: كارلێكی دەقی نووسەرێك لەگەڵ ئەو دەقانەی كە هاوچەرخی ئەو نین.(5)

لە دوایین كتێبیشدا دوو جۆر لە شێوەی كارلێكی دەقی دیاری دەكات ئەوانیش : كارلێكی دەقی تایبەت, ئەویش ئەو كاتەیە كە دەقێك لەگەڵ دەقێكی دیكەی دیاریكراو پێوەندی دەبەستێ, پێوەندیەكەشیان لەسەر ئاستی رەگەزو جۆرو شێواز پێكەوە بەرجەستە دەبێ. كارلێكی دەقی گشتی, ئەو كاتە دادەمەزرێ كە دەق سەرەرای جیاوازی لە ئاستی رەگەزو جۆرو شێواز, پێوەندیەكانی خۆی لەگەڵ كۆمەڵە دەقێكی دیكە دادەمەزرێنێ.(6)

خودی ئەو لێكۆڵینەوەیە لە دووتوێی خستنە رووی بۆچوونی تایبەتی خۆی لەسەر ئەوەی كە (سەعید یەقتین)لە بارەی بەشەكانی دەقئاوێزانی خستویەتیە روو بونیاد دەنێ, سەرەرای ئەوەش هەندێك لە ناونیشانەكان رێكوپێك دەخاتەوە, هەروەها ئەو لێكۆڵینەوەیە لە بیریشی ناچێ كە بۆ دەوڵەمەند كردنی ئەو مەسەلەیە لە دووتوێی بۆچوونی خۆیدا شتێكی بخاتە سەر, بەمجۆرە ئەو لێكۆڵینەوەیە دەقئاوێزانی لە دوو بەشدا دەبینێ :

1- دەقئاوێزانی خودی:

كارە ئیبداعیەكانی نووسەرێك لەگەڵ یەك رەگەزی بونیادگەری, یان لەگەڵ هەموویان بەیەكدا دەچن (دەقەكانیش یەك لەگەڵ ئەویدی كارلێك دەكەن) بە شێوەیەك كە بەدواچوونی دەقئاوێزانی لە میانی ئەو رەگەزەوە دەبێ, كە دەقەكانی تێدا ئاوێزان بووە.

دەشێ ئەو رەگەزەش زۆر دیاربێ, وەك چۆن (عەبدولرەحمان مونیف) كاتێ هەندێ كاراكتەرەكانی رۆمانەكانی پێشووی خۆی لەو رۆمانەی دوایی (ئێستا لێرە- الان هنا) بیر دەخاتەوە.

رەنگە ئەوەش زۆر سەرنج راكێش بێت, بەڵام دوای ماندووبوونێكی گەورە نەبێ پێی ناگەین, هەروەك كارلێكردنی نێوان رۆمانی (الاشجار واغتیال مرزوق)و نێوان تەواوی رۆمانەكانی دیكەی عەبدولرەحمان مونیف.

2- دەقئاوێزانی گشتی :

دەقئاوێزانی گشتی بە دوو ئاراستەی دەروات, ئاراستەی هاوچەرخو ئاراستەی نوێخواز, هەر یەكێكیش لەوان دەشێ لەگەڵ جۆری وەك یەك كارلێك بكەن, هەروەك دەشێ لەگەڵ جۆری لە یەك جیاوازیش كارلێك بكەن.

لە ئاراستەی هاوچەرخی دەقئاوێزانی گشتیدا (دەقی نووسەرێك لەگەڵ دەقە ناهاوچەرخەكاندا) كارلێك دەكەن. جا چ ئەو دەقە هاوچەرخانەی نووسەری ناوبراو لە (رەگەزو جۆرو شێواز) لەگەڵ ناهاوچەرخەكان جیاواز بن, یا وەك یەك بن. (سەعید یەقین) بۆ دەستنیشانكردنی ئەو حاڵەتە ئاماژە بە كارلێكەری رۆمانی (الزینی بركات)ی –جمال غیتانیو دەقی كەلەپوری (بدائع الزهور)ی- ئیبن ئیاس دەكات, وەك چۆن دەقی (یگیر الحمام)ی مەحموود دەروێش لەگەڵ (نشید الانشاد)ی تەورات ئاوێزانی یەكتری دەبن, سەرەرای ئەو كارلێكەریە گەورەیەی كە لە نێوان كۆمەڵێك دەقی دیكەو (الف لیلە ولیلە)دا دەبینرێ, دەشێ شانۆنامەی (مغامرە راس الملوك جابر)ی (سەعدولاّ وەنووس)ی نووسەر باشترین نموونە بێت, رەنگە ئەم هێلكاریە هەموو قسەكانمان لە بارەی بەشەكانی دەقئاویچزان كورت بكاتەوە :

دەق




3- پلەکانی دەقئاوێزان:

دەقی داهێنراو گفتوگۆ لەگەڵ دەقە جیاوازەکان لە جۆرو چەرخ (سەدە)و ئینتیما- دەکاتو هەرچی جیاوازی مژراو هەیە هەڵیدەمژێو بە شێوەی جیاواز, یان وەك چۆن لە جۆرو چەرخو ئینتیماکردن هەیە ئاشکرای دەکات, یان بلاوی دەکاتەوە, پلەکانی ئاشکراکردنیش لە دوو ئاستدا دەخرێنە ڕوو, ئاستێکمان ئەوپەری پلەی روونیە, ئەویدی دەگاتە ئەوپەری پلەی لێڵی.

لەوپەری پلەکانی روونی, دەقی دوایی لە دەقی پێشوو چەند برگەیەك بلاو دەکاتەوە, جا چ لەگەڵیدا یەك بێ, یان جیاواز بێ لە جۆر, نموونە بۆ ئەوەش (عەبدولرەحمان مونیف)چەند برگەیەك لە میری(میکیاڤیللی)لە (مدن الملح) بلاودەکاتەوە, یان ئەو شتانەی کە داهێنەران لە قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەرو کتێبەکانی کەلەپورو وەریانگرتووەو لە کتێبەکانی خۆیان بلاویان کردۆتەوە.

لەسەر ئاستی دژ بە روونی (یان ئەوپەری پلەکانی لێڵی) دەقی دوایی سێبەری فیکرەکانی دەقی پێشوو بلاو دەکاتەوە, دوای ئەوەی کە (بەرگەکەی دەگۆڕێ) دوای ئەوەی کە دەیخاتە ژێر تایبەتمەندێتی خۆی هاوچەرخێتیو جۆر, لەم ئاستەدا بە یەکگەیشتنی دەقئاوێزانی دژوار دەکەوێو بە تەنیا ئەو خوێنەرانە تێی دەگەن کە گرینگی بە فیکرو گرنگی بە هەڵکۆڵینی جینالۆژیانەی دەقە جیاوازو پێویستبووەکان دەدەن, ئیتر کەسی دی ناتوانێ درکیان بکات, بۆ نموونە دەقی (موسم الهجره الی الشمال)ی (تەیب سالح) ئەو برگە مێژوویەی سەر زمانی (مستەفا سەعید)وەردەگرێ کە لە بارەی ئەو هۆیانە دەدوێ کە پاڵ بە داگیرکەرێکەوە دەنێ خزمەت بە ژیاری داگیرکراو بکاتو بلاوی بکاتەوە.

لە نێوان ئەوپەری روونیو ئەوپەری لێڵیدا (دەقئاوێزانی دەلەنگێ) بە گوێرەی ئینتیماکردن لە نێوان روونی- لێلی- راستەوخۆیی- ناخ ...تاد دێتو دەچێ, نموونەش زۆرن بۆیە پێویست بەناو هێنانیان ناکات.

4- شێوەکانی دەقئاوێزان :

چۆن شێوەی دەقئاوێزان بەرجەستە دەبێ؟ یان چۆن دەق شێوەکانی دەقێتی خۆی بلاو دەکاتەوە, چۆن بە خوێنەری دەگەیەنێت, چۆن دەیدۆزێتەوە؟.

دەڵێین ((هەموو دەقێك دەقئاوێزانییە, دەقەکانیش بە ئاستی جیاوازو چەند شێوەیەك دەبینرێن, کە بە هیچ جۆرێ تێگەیشتنیان گران ناکەوێتەوە, ئەگەر هاتو دەقە رۆشنبیریەکانی پێشینەیان تێدا بناسینەوە))(7).

ئەگەر ئەوەی گوترا راست بێ، کەواتە ئێمە لە میانی خوێندنەوەی دەقەکان بەسەر کۆمەڵێك شێوەی زەخرەفیانەی دەقەکاندا دەرۆین، ئەو کۆمەڵە شێوە زەخرەفیانەی دەقێتی هەر لە بەرگی یەکەمەوە تا دەگاتە بەرگی دوایی دیاری دەکرێن، ئەویش نەك هەر لە وشەکانو بیرەکاندا، بەڵکو بە رەنگو قەبارەو بە کارهێنانی فەزا لە دەقو لە میانی دابەشکردنی رەشو سپی سەر لاپەرەکان دەبینرێن.

بە گوتەیەکی دیکە دەشێ دەقئاوێزانی لە میانی چوار رێچکەدا دیاری بکرێت، رێچکەی زمانەوانی، رێچکەی فیکری، رێچکەی بونیادگەری، رێچکەی چاپی.

لە بونیادی زمانەوانیدا، شێوەکانی دەقئاوێزانی لە دەستەواژەوە تا دەگاتە تەواوی شێوازی داهێەرو بە پێکهاتەی رستەو دارشتنو بەکارهێنانی برگەو ناونیشانی فەرعیو بەشو قەبارەو پاژەکانو تەواوی نووسین خۆی ئاشکرا دەکات. هەروەك خۆی لە دووتوێی کێشو ئیقاعو بونیادی قەسیدە، یان ئەو پەیکەرەی دەق خۆی تێدا دەنوێنێت بلاۆدەکاتەوە.

لە خستنەرووی فیکریدا، شێوەی دەقئاوێزانی لە میانی سێبەری فیکری دەقی پێشوو، چ وەك بونیادنەر، یان گفتوگۆکەر، یان بەرەبەرەکانیکەر، یان لە میانی مادەی ئەو گێڕانەوەی کە گفتوگۆی لەگەڵ دەکات، خۆی ئاشکرا دەکات، هەروەها دەشێ لە میانی رووداوە مێژووییە هاوچەرخەکانەوە کە هەڵیدەمژێو پاشان بە شێوەیەکی جیاواز دەیگوازێتەوە خۆی ئاشکرا بکات.

لە ئاوێزانبوونی بونیادگەریدا، دەقی دوایی رەگەزە بونیادییەکانی دەقی پێشوو دەخوازێ، وەك خستنە روویێك بۆ کەسێتی دەقی دیاریکراو، یان خستنەرووی کاراکتەری خواستراو بە شێوەیەکی ناباو، وەك ئەوەی کە لە دەقی دوایی کاراکتەری (شەهرەیار)بە پێچەوانەی ئاسایی لە بری (شەهرەزاد) بۆ گێڕانەوە بخوازێ، سەرەرای خواستنی کاراکتەری نموونەییو نانموونەیی، دەشێ دەق چەند رەگەزێکی دی بونیادگەری وەك زەمەنو شوێن، یان هەر رەگەزێکی دی، لە دوو توێ بۆچوونی تایبەتی خۆی بلاۆبکاتەوە.

لە دەرهێنانی چاپیدا دەقئاوێزنی خۆی لە میانی قەوارەو رەنگو هێلو شێوەدا دەگرێ، هەر لە بەرگەوە بە هەموو ئەوانەی کە تێیدا دەکێشرێ : لە ناونیشانی سەرەکیو ناسەرەکیو قەوارەی ناونیشانو وێنەی پیتەکانو شوێنەکانیان، سەرەرای رەنگو هارمۆنیاو دابەشکردنی پانتاییەك بۆ رەشێتیو فەراغ، بۆ ئەوانەی کە گوتمان ئەگەر قسەیەك هەبێت ئەوەیە کە دەق هەر لە بەرگەوە تا بەرگی دوایی لە چەپۆکی دەقئاوێزانی دەرناچێ، رەنگە راستبێژبوونی ئەوەی کە بەم واتایە وتوویەتی : هەموو ئەوانەی کە داهێنەر بەر لە (40) ساڵی تەمەنی دەینووسێو رەنگە ئەوانەی کە بە درێژایی تەمەنیشی دەینووسێ هی ئەو نەبێت.

5- کرداری دەقئاوێزان:

بەر لەوەی زمان لەسەر کاغەز بەرجەستە بێ، بەر لەوەی فکرەکان بەرجەستە بن، هەموو میکانیزمیەتی ئەو دروستگە بنچینەییەدا دەرۆن، ئەو دروستگەیەی کە لە پێشوازی مادە خاوەکان راوەستاوەو دەیانخاتە باوەشی چەندان کردارو ئینجا بە شێوەیەکی نوێو بە خستنەروویەکی نوێباو بەرهەمیان دەهێنێتەوە، بەمجۆرە ئەوە میکانیزمیەتی دەقئاوێزانە کە خودی دەقەکانی پێشوو وەك مادەیەکی خاو دەقی نوێش وەك بەرهەمهێنان/ئیبداعی نوێ

دەخاتە روو, بەڵام لە نێوانیاندا کۆمەڵێك کرداری وردو ئاڵۆزو گران هەیە کە عەقڵی داهێنەر ئەنجامی دەدا, بەرایی ئەو کردارانەش ئەمانەی خوارەوەن:

خـوازتن, لـە دووتـوێی ئـەو کـردارەدا, کردارێکـی دیکـە بـەرێوە دەچـێ, ئـەویش چـنینی یادەوەری‌و بە دواداچوونی نزیکترین خەزێنە(ئـەمبارکراوە), تـا ئـەو کاتـەی کـە دەیخاتـە روو, چونکە ئەمبارکراوەکە لە نەست ئەمبار کراوە, کەواتە دەقئاوێزان لەم حاڵەتە ئەمبارکاوەکانی کەسـێتی دەخـوازێ, ئـەمبارکراوە خودییـەکان, ئـەمبارکراوە نـەوتراوەکان‌و ئەوانـەی کـە دوای چـەمکی دەقئـاوێزانی ناکـەون, بـەمجۆرە لـە ژێـر سـێبەری نەسـت‌و بـە وەهـم کردنـدا ئەمبارکراوەکان دەخوازێ تاکو بکەونە ژێر کرداری دووەم-هەڵمـژین- وەك سـێبەری دەقـەکانی پێشوو دەخوازێ, بە هەمان شێوە ئەم سێبەرانەش لەگەڵ حاڵەتە نائاسـاییەکەی دەقـی دوایـی, بە هەموو رەگەزەکانیەوە بە یەکدادەچن‌و هەڵدەمژرێن بۆ دەسـتپێکردنی کردارێکـی نـوێ کـە ئـەویش لێکداتوانەوەیـەو جـا چ بکەوێتـە دووتـوێی مەبەسـتەوە یـان بـێ مەبەسـت لـە نێـوان سـێبەری دەقـە ئـەمبارکراوەکان یـادەوەری‌و لـە نێـوان حاڵەتـە نائاسـاییەکانی دەقـی دوایـی بخولێتەوە.

دوای هەموو ئەو کردارانە, کردارێکی دیکەی گرینگ دەست پێدەکات, کە ئەویش گۆزاندنە, گۆزاندنی پێکهاتەکانی زمـان بـە هـۆی تێکـەڵکردنی جیـاواز, گۆزانـدنی بیرەکـان بـە بۆچـوونی جیـاواز ئـەویش لـە رێگـەی دوا دارشـتنی دەق‌و بەرجەسـتەکردنی دەق بـە پێکهاتـەی جیـاواز لەسەر رووی کاغەزدا, ئینجا دوای هەموو ئەو کردارانە هێزی داهێنەر لە میـانی سـادەیی, یـان بە قووڵی ئاوێزانبوون, وەك هێزێکی جیاواز, تایبەنمەندی خۆی دەخاتە ڕوو, لە میانی ئاستی پەیوەندیەکانی نێـوان دەقـی پێشـووو دەقـی دواتـرو لـە میـانی گـۆڕینی ڕێرەوی‌ئاشـکراکردن‌و بڵاوکردنەوەی دەقی پێشوو لە دەقی دواییداو لە میانی ئەساڵەتی خسـتنەرووی داهێنەرانـەوە بـەهێزی‌و بێهێـزی کـاری ئیبـداعی بەدەردەکـەوێت, بـەمجۆرە میکانیزمیـەتی دەقئـاوێزانی کۆمەڵێك کردار تێیدا بەشدارە کـە بـە کـورتی ئەمانـەن : خـوازتن, هەڵمـژین, بەیەکداچوون, گۆزاندن, بەرجەستەبوون, ئاوێزانبوون...

**<u>سەرچاوە پەراوێزەکان</u>**

*قوتـابی دراسـات بـوو, تێزەکـەی ماجسـتێری لـە ژێـر ناونیشـانی (دنیـای عەبـدولرەحمان مونیف), بەڵام لەبەر ئەوەی گفتوگۆی تێزەکەی لە هـاوینی (1995) بکرێـت دەسـتی مـەرگ لەگەڵ خێزان‌و کورە بچووکەکەی لە (1995/2/5) لە رێگەی (قامشلی-تربەسـپیە) دنیـای لا تاریك کرد.

1- ما بعد البنيويه, شكرى الماچى, مجله المعرفه, ع/353, ص 92.

2-هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل93.